چیرۆک و گێڕانەوەی ئەزموونە ژیاوەکان

گارا
(ئەڵمانیا)

ڕۆژی ٢٧ی مانگی نیسان تا پێنجی مانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٩ هونەرمەند فەرەیدوون کەریم پێشانگایەکی کۆنسێپچوالی Conceptual لە یانەی فەرمانبەرانی شاری سلێمانی بە ناوونیشانی (شبر) ڕێکخست، ئەو لەم پێشانگایەدا ژیان و کارەکتەر و بەرهەمەکانی (سیروان ڕەئووف) ناسراو بە (شبر)ی کردبوو بە ناوەرۆک، ئەمە لەلایەکەوە وەک یادکردنەوەیەک بۆ ڕوحی سیروان ڕەئووف، لەلایەکی دیکەوە وەک گوزارشتی فەرەیدوون کەریم بۆ خۆی وەک هونەرمەندێکی شێوەکاری هاوچەرخ. کۆنسێپچوالێتی ئەم پێشانگایە لەوەدابوو کە هونەرمەند بۆ نیشاندانی بیرۆکەکەی تێکستی زۆر وێنەی فۆتۆگرافی بەکارهێنابوو، بیجگە لە کۆمەڵێک مەتریاڵی دیکەی جۆراوجۆر، بەشێوەیەکی دیکە بڵێم پێشانگاکە لەوەدا کۆنسێپچوالبوو کە فەرەیدوون کەریم لە بنەڕەتدا ویستبووی بیرۆکەیەک نیشان بدات کە (سیرەی شبرە)، ئەو لەم پێشانگایەدا سیرە شبری تەنیا وەک هونەرمەندێکی شێوەکاری تەقلیدی نیشان نەدابوو، بەڵکوو وەک مرۆڤێکی ئەکتیڤیستیش کە ئەو لە کارەکتەریدا هونەرمەندبوونی بینیوە و ویستوویەتی لەم پێشانگایەدا ئەو (هونەرمەندبوونەی) سیرە شبر وەک هونەرمەندێکی کۆنسێپچوالّ نیشان بدات. یەکێک لە ئامانجەکانی دیکەی پێشانگاکە هەوڵێک بوو بۆ ورووژاندنی پرسیار دەربارەی ئەو جۆرە کارانەی کە سیروان ڕەئووف (سیرە شبر) لە کاتی خۆیدا لە نەوەدەکان کردبووی، بەشێوەیەکی تر بڵێم هونەرمەند فەرەیدوون کەریم لەم پێشانگایەدا ویستبووی:

١- بە تێکست و دوکیۆمێنت و مەتریاڵی فرێدراو و دۆزراوە خۆی وەک هونەرمەندێکی شێوەکاری هاوچەرخ دەربڕێت.

٢- گوزارشت لە ژیان و کارەکتەر و بەرهەمە هونەرییەکانی (شبر) بکات.

٣- گوزارشت لە کاتی نەوەدەکان لە سلێمانی بکات و چەند پرسیارێک دەربارەی هونەری

شێوەکاری ئەو کاتە بوروژێنێت.

فەرەیدوون کەریم بۆ ئەم پێشانگایەی شوێنێکی تایبەتی هەڵبژاردبوو کە لە ناو باخچەی یانەی فەرمانبەرانی شاری سلێمانی بوو، پانی و درێژی ئەو شوێنە (ئەو ڕاومە) دەوری شەش بە هەشت مەتر بوو، شەش مەتریش بەرز بوو، یەک دەرگای چوونە ژوورەوەی بچووکی هەبوو ئەویش ڕووی لە دەرگای سەرەکی یانەکەبوو، واتە ڕووی لە جادەکە بوو. شوێنەکە لەوەوپێش ژوورێکی بەجێهێڵراو بووە، هونەرمەند ئیشی تێدا کردووە و نۆژەنی کردبووەوە، بە جۆرێک کە ببێت بە جێگایەکی گونجاو بۆ نیشاندانی بیرۆکەکەی، دیوارەکانی پاککردووەتەوە، بە دار و هەندێ مەتریاڵی دیکە کاری لە بنمیچی ژوورەکە کردووە کە خۆی لە خۆیدا بنمیچێکی تەخت نەبوو وەک ژوورێکی ئاسایی، بەڵکوو لە ناوەڕاستی بنمیچەکە گۆشەیەک هەبوو لە دار و هەندێک مەتریاڵی دیکە پێکهاتبوو، هەندێک دەستکاری دیکەیشی لە ژوورەکە کردبوو وەک هێشتنەوەی لای دەستەڕاستی ژوورەکە وەک خۆی کە لەوەپێش بە جام و شووشە دروستکرابوو، گشت ئەم کارکردنە خۆی لەخۆیدا بەشێک لە ناوەرۆکی پێشانگاکە پێک دێنێ. لەبەر ئەوەی سیروان ڕەئووف هەر لە نزیک ئەو جێگایە لە ساڵی ١٩٩٩ بەدەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو، بۆیە هونەرمەند فەرەیدوون کەریم ویستوویەتی لە نزیکی ئەو شوێنە پێشانگاکەی ڕێکخات و هەر لەوێش نیشانی دا، ئەمەیش ڕەهەندێکی یادەوەری و هێشتنەوەی جی پێی بە پێشانگاکە بەخشیبوو.

پێش ئەوەی بێمە سەر شیکردنەوەی پێشانگاکە و شێوە و پێوەندی و واتای مەتریاڵەکان لەگەڵ یەکدا، بە پێویستی دەزانم باسێکی ئیکۆنۆگرافی لە خودی مەتریاڵە بەکارهێنراوەکان و جۆری



فەرەیدوون کەریم

دانان و هەڵواسینیان بکەم، بۆ ئەوەی خوێنەر وێنایەکی دەربارەی پێشانگاکە هەبێت. زۆر لە مەتریاڵە بەکارهاتووەکانی پێشانگاکە بە چاوی بینەر وەک مەتریاڵی ژیانی ڕۆژانە نەک وەک مەتریاڵ بۆ پێشانگایەکی هونەری ئاشنابوون، مەتریاڵەکان زۆربەیان فرێدراو بوون، بەڵام بە بەکارهێنانی هونەرمەند فەرەیدوون کەریم لەم پێشانگایەدا ماناکانی گۆڕین، لە مەتریاڵی بێکەڵکی فرێدراوەوە بۆ مەتریاڵی سوودبەخش و مانادار، وەزیفەی بۆ دروست کردن، ئەوەیش دەربڕینی خۆی و گوزارشت لە (شبر) و دنیاکەیەتی، واتە وەزیفەیەکی ئیستێتیکی، ئەو هەندێ لە مەتریاڵەکانی چەسپاندبووە قەد دیوارەکان و هەندێکی لەسەر زەوی پێشانگاکە دانابوو و هەندێکی دیکەیشیان لە ناو ڤیترینیکە دانابوو، دوو کاری ئینستلەیشنیشی پێیان دروستکردبوو، یەکێکیانی لە سووچێکی ژوورەکە (ڕاومەکە) ڕاستەوخۆ بەرانبەر دەرگای چوونە ژوورەوەکە، بەشێ لە مەتریاڵەکانی ئەو ئینستلەیشنە بریتی بوون لە پەڕۆی فرێدراو، کیسەی نایلۆنی فرێدراوی جۆراوجۆر، تێل، کاغەزی جۆراوجۆر،

بوتڵـی ئـاوی پلاسـتیکی بەتاڵـی فرێـدراو، بوتڵـی چارەگـە ویسـکی بەتـاڵ، بوتڵـی شـرووبی بەتـاڵ، بوتڵـی بیـرەی جۆراوجـۆری بەتـاڵ، قوتـووی مەشـرووبی وزەی تایگـەر، پاکەتـە جگـەرەی بەتـاڵ بـە ناوونیشـانی pleasure و Milano ، کووپـی قـاوەی بەتـاڵ کـە لـە کارتـۆن دروسـتکرابوون، تۆپکڵـە تـۆو گوڵەبـەڕۆژە و پاشـماوەی قونکـە جگەرەیەکـی زۆر و هەنـدێ شـتی دیکـەی لـەو جۆرانـە، هونەرمەنـد مەتریاڵەکانـی لـە سـووچەکە کۆکردبـووەوە و لەسـەریانەوە تەلەڤزیۆنێکـی بـەلاری دانابـوو فیلمێکـی تێـدا نیشـان دەدرا کـە لـە ١٩٩٢/٥/١٣ تۆمارکرابـوو، ئـەم ڕۆژەیـش دواڕۆژی یەکەمیـن پێشـانگای شـبر بـوو کـە هەشـت ڕۆژی خایاندبـوو، لـە فیلمەکـەدا پانێڵێـک دەبینـرا تێیـدا قسـە لەسـەر کارەکانـی شـبر دەکـرا. لەنێـوان ئـەو ئینستلەیشـنە و دەرگای چوونـە ژوورەوە کـە ژمارەیەکـی زۆری لـە بەرمـاوەی قونکـە جگـەرە و تۆپکڵـی تـۆو گوڵـە بـەڕۆژە بـە فرێـدراوی لـە سـەر زەوییەکـە بڵاوکردبـووەوە.

لـە سـەرەوە، لـە قـەد دیوارەکـە هونەرمەنـد فەرەیـدوون کەریـم نووسـراوێکی خـۆی وەک Statement (ڕوونکردنـەوە) لـە سـەر کاغـەز بـە گەورەیـی بـە قـەد دیوارەکـەوە چەسـپاندبوو، لـەم نووسـینەدا وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەداتـەوە: بـۆ شـبر؟ کـە مـن لـە لاپەڕەکانـی دیکـەی ئـەم نووسـینەمدا هـەوڵ دەدەم زیاتـر باسـی بکـەم. لـە تەنیشـتی ئـەو نووسـینەوە هەشـت وێنـەی جیاجیـای لەنـاو جـام و چوارچێـوە دانابـوو، هەموویـان یـەک پانـی و درێژییـان هەبـوو و دەوری پێنـج بـە دە سـانتیمەتر بـوون، بریتـی بـوون لـە هەشـت وێنـەی فۆتۆگرافـی ڕەنگاوڕەنـگ کـە (شـبر) بـە کامێـرای خـۆی گرتوونـی و لەتەنیشـتی هـەر وێنەیـەک نووسـینی پشتەکەیشـی دانابـوو، کـە بەدەسـت و بەزمانـی کـوردی نووسـرابوون.

سیروان ڕەئووف

ئینستلەیشـنەکەی دیکـەی لـە ناوەڕاسـتی ژوورەکـە (ڕاومەکـە) دروسـت کردبـوو، ئەمەیـان لـە کۆمەڵێـک شـت و مەتریـاڵ پێکهاتبـوو، لەوانـە دوو جـووت پێـڵاوی تونـدوتـۆڵ کـە لـە پێـڵاوی سـەربازی دەچـووون، خوودەیەکـی سـەربازی لـە بەشـی سـەرەوەی ئینستلەیشـنەکە هەڵواسـیبوو، بەشـی سـەرەوەی تەوالێتێکـی غەربـی و چەنـد بووکەشووشـەیەکی جۆراوجـۆری یـاری منـداڵان و چاویلکەیەکـی باغـەی سـووری منـداڵان و ئۆتۆمۆبێڵـی یـاری منداڵانـی بچـووک بچـووک و هەنـدێ شـتی دیکـەی لـە ئینستلەیشـنەکەیدا بەکارهێنابـوو، ئـەو گشـت ئـەم مەتریاڵانـەی بـە چـوار تێـل بـە بنمیچـی ڕاومەکـەوە هەڵواسـیبوو، وەک ئـەو شـێوانەی کـە لەسـەرەتای پەیدابوونـی هونـەری ئینستلەیشـن دەبینـران، لەخـوارەوەی ئینستلەیشـنەکە، لەسـەر زەوییەکـە شـێوەیەکی چوارگۆشـەی لـە چەشـنی حـەوز بـە گونیـەی پـڕ خـۆڵ دروسـتکردبوو، هەرلایەکـی (حەوزەکـە) لـە شـەش گونیـە پێکهاتبـوو، حەوزەکەیشـی پڕکردبـوو لـە قەوانەفیشـەکی جۆراوجـۆر. وەک لەسـەرەوە ئامـاژەم بـۆی کـرد فەرەیـدوون کەریـم سـوودی لـە وێنـە و دوکیۆمێنتـی دیکـەش وەرگرتـووە، وەک مەتریـاڵ بـۆ پێشـانگاکەی لەوانە فۆتـۆ و نووسـینی شـبر خـۆی کـە زۆربەیـان

بریتی بوون لە وێنە و تێکست و هێڵکاری و هەندێ دوکیۆمێنتی پێوەندییەکانی خۆی، وەک کارتی دەعوەتنامەی پێشانگاکەی، گشت ئەمانەی لە قەد دیوارەکە و بەرانبەر دەرگاکە چەسپاندبوو، دەعوەتنامەکان پازدە دانە بوون، تێیاندا نووسرابوو کە پێشانگاکەی لە ڕۆژی ١٩٩٨/٥/١٢ و لە کاتژمێری پێنجی ئێوارە لە هۆڵی مووزە دەکرێتەوە، دەعوەتنامەکان بە ڕەنگی جیاجیا چاپ کرابوون وەک سپی و شین و نارنجی و سەوز و پەمەیی و ڕەنگی دیکە، گشت ئەم دەعوەتنامانەی لەناو یەک چوارچێوە بە تەنیشت یەکەوە دانابوو و لە قەد یەکێ لە دیوارەکان هەڵیواسیبوو، دەعوەتنامەکان بۆ چەند کەسێکی دیاریکراو نێرراوبوون کە زۆربەیان ئەو کاتە کاری هونەری و ڕۆشنبیرییان دەکرد لەوانە: حسین میسری، سەروەت ئەنوەر سەوز، جیهاد دڵپاک و ژمارەیەکی دیکەیش کە هێندە ناسراو نەبوون. لە تەک ئەم دەعوتنامانەوە بەدەستی چەپ، واتە بە لای ئینستلەیشنەکە و تەلەڤزیۆنەکەدا هونەرمەند دوو کاری دیکەی هەڵواسیبوو، یەکێکیان لە پۆستەری پێشانگاکەی شبر پێکهاتبوو کە تێیدا نووسراوە (گەڕان بە نێۆ دۆزەخە ساردەکاندا. چوارەمین پێشانگای فۆتۆگرافی سیروان ڕەئووف). لە خوارەوەی ئەم نووسینە دوو وێنەی دوو پیاوی عەینەک لە چاوی دانابوو، کە بە شێوەیەکی کاریکاتۆری وێنەیان کێشرابوو، لەخواریشیانەوە جێگا و کاتی کردنەوەی پێشانگاکە نووسرابوو، لەخواری ئەمانەیشەوە کتێبێکی بچووکی هەڵواسیبوو کە بینەر دەیتوانی بەدەستی خۆی بیگرێ، تەماشای بکات و پەڕەکانی هەڵداتەوە کە پڕ لە شیعری شاعیرە کوردەکان لەوانە دلاوەر قەرەداغی بوو.

دیسانەوە لەقەد دیواری بەرانبەر دەرگای چوونە ژوورەوەکە بەدەستی ڕاستی دەعوەتنامەکاندا وێنەیەکی گەورەی ڕەش و سپی دانابوو، تێیدا بلدۆزەرێک دەبینرا، فەرەیدوون کەریم ئەو وێنەیەی بە بێ جام و چوارچێوە و ڕاستەوخۆ لە قەد دیوارەکە بە چەسپ دانابوو، لەسەر وێنەکەشەوە هەندێ نووسینی دەستی بە قەڵەمی ڕەساس و هەندێ بە قەڵەمی ماجیکی ڕەش نووسرابوون وەک: (لەم تووڵە ڕێگەیەوە مانۆاوایی لە شار ئەکەم. ئاودیو ئەکرێم... گەردنم ئازادکەن تاوانی من نییە... خەتای ئاودیوچییەکانە). (برینی کۆن و تازەتان کولانەوە، کەلەپووری میللەتێکتان ئاودیوکرد، مێژووی کوردتان سڕییەوە. بەیانیت باش نیشتیمانە سارد و سڕەکەی کۆماری نان. بەیانیت باش کوردستانی حەز و خۆزگەم. ئەوە منم ئەمناسیتەوە، ئەی وڵاتی گەنج کوژم). هەندێ لە نووسینەکان لە سنووری وێنەکە (کاغەزەکە) چووبوونە دەرەوە بۆ سەر دیوارەکە، واتە بەشێکی لە سەر کاغەزەکە و بەشێکی تریشی لەسەر دیوارەکە نووسرابوون، لە سەر وێنەی بلدۆزەرەکە وێنەی سایقەکەش دیسانەوە بە لێڵی دەبینرا.

لە قەد دیواری بەرانبەری وێنەی بلدۆزەرەکە، واتە بەدەستە ڕاستی دەرگای چوونە ژوورەوەکە هونەرمەند دە لە نووسراوی ڕۆژنامە و گۆڤاری جیاوازی خستبووە ناو چوارچێوەوە و بە شێوەیەکی ناڕێک هەڵیواسیبوون، لە ناو ڕۆژنامەکەندا و لە تەنیشت ئەو نووسینانەی کە دەربارەی (شبر) نووسرابوون هەندێ نووسینی دیکەش دەبینران وەک (لەتیفە باشترین گۆرانیبێژی سالّی ... بوو). (سیحری جوانی حەمامی زەیتی سروشتی بۆ قژێکی بێ هێز) ، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان جیاوازبوون هەندێکیان کوردی بوون و هەندێکیشیان عەرەبی لەوانە: ئازادی، ئەدەب و هونەر، الشبیبة الدیموقراطیة،

ژیانی ئازاد، ئالای ئازادی. لە تەنیشتی ئەم دە وێنەیەوە و هەر نزیک دەرگای چوونە ژوورەکەوە بە دەستی ڕاستدا هونەرمەند کامێرایەکی لە ناو قەفەسێکدا دانابوو وەک هێمایەک بۆ شبر وەک هونەرمەندی فۆتۆگراف. بوونی کامێراکە لەناو قەفەزەکە زیاتر وێنەی باڵندەیەکی ناو قەفەزی دەگەیاند وەک لە مرۆڤیکی ناو زیندان. فەرەیدوون کەریم ئەم قەفەز و کامێرایەی لەسەر سندووقێکی شەش پاڵوو لەداردروستکراو دانابوو، بەرزی سەندووقەکە دەوری نیو مەتر دەبوو.

وەک لەسەرەوە جێگای پێشانگاکەم وەسف کرد، لە دەستەراستی ژوورەکە دیوار نەبوو بەڵکوو لە پەنجەرەیەکی گەورەوە دەچوو کە لە شووشە و جامخانە دروستکرابێ، لە خوارەوەی ئەو شووشە و پەنجەرەیە ڤیترینێکی بە درێژایی پەنجەرەکان و بە بەرزی دەوری مەترێک دانابوو تێیدا هەندێ لە نووسین و هێڵکارییەکانی شبری تێدا دەبینران لەگەڵ ئەو نامانەی کە ناسیار و هاوڕێکانی بۆیان نوسیبوو، لەوانە نامەی بەیان سەلمان.

فەرەیدوون کەریم لە (Statement)ـەکەیدا کە لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد وەڵامی ئەو پرسیارە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو بۆ (شبر)ی وەک ناوەرۆک بۆ پێشانگاکەی هەڵبژاردووە؟ بۆ کردوویەتی بە فیگۆرێکی گرینگ بۆ گوزارشتکردن لە کاتی نەوەدەکان؟ لەم نووسینەیدا لە لایەکەوە وەڵامی پرسیاری گرینگ لە سەر کاتەکانی (شبر) دەداتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە هەندێ پرسیاری دیکە دەربارەی ئەو کاتە دەوروژێنێ. سەبارەت بە پرسیارە سەرەکییەکە: بۆ (شبر)؟ لە نووسینەکەیدا کە بە ناوونیشانی بۆچی "سیرە شبر"؟ نووسیویەتی:

"ئەم پێشانگایە سەرەتای هەڵکۆڵینێکی

دوورودرێژە لەبارەی سااڵنی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردووەوە، لەبارەی ئەو چەمک و کۆنسێپتانەوە کە هونەری مۆدێرن و هاوچەرخی کوردی هەڵگریبوون (...) شبر یەکێکە لە ئەکتیڤیست و پێشڕەوەکانی هونەری هاوچەرخی کوردی لە ئێراق، لە بنەما و خەسڵەتەکانی هونەر و پێوەندی بە ژیانی سیاسی و کۆمەاڵیەتی و کولتووری ئەو سەردەمە تێی بگات. لەبەر ئەوەی شبر، یەکێکە لەو دووپێیەی هونەری نەوەدەکان لەسەریان دەڕۆیشت، نمایشکردنەوەی کارەکانی، بەڕپرسە لە دامەزراندنی سەرەتایەکی دروست و تێگەیشتنێکی ڕادیکاڵانە لەسەر مێژووی هونەری کوردی لە کوردستان و ئێراق. وتاری شبر لەو ماتریاڵانەدا کە لە پێشانگاکانیدا دەبینرێن، پراوپڕی بیرۆکەکانیەتی. لەهەمان کاتدا کارەکانی بەڵگەنامەی بەهێزن لەبارەی واقیعی نوێی دوای ڕاپەڕین و قۆناغێکی گرنگن لە دەستنیشانکردن و خوێندنەوەی سەردەمەکە لە ڕێگەی «کارکردنی وێنە»ـەوە. شبر بە شێوازە نوێیەکەی پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە، بەوەدا کە ئەمڕۆ هونەری هاوچەرخ لەم ناوچەیەدا لەسەر ئەو ڕێچکەیە دەڕوات کە لە جیهاندا دەیناسین، هاوچەرخانە، ئەمەش سەرنجێکی ڕەخنەیی قوواڵ و وردی پێویستە. شێوازی کارکردنی شبر هەمەچەشن و فرەلایەنە،

فۆتۆگرافی و ماتریاڵی فرێدراو و پێرفۆرمانس و دەقی نووسراو. کارەکانی لێدان و پرسیار و ڕەخنەن لە دۆخە سیاسی و ئابووری و مۆرااڵی و کولتوورییەکەی کۆمەڵگەی کورد لە نەوەدەکاندا. شبری ئەکتیڤیست و ئۆپۆزسیۆن بە هونەرێک کە تەنیا هەڵقوڵاوی بیر و هزری خۆیەتی، لەگەڵ «داگیرکەر و دەسەاڵتی حزب و خێڵ و خودی هونەردا» وەک نائومێدییەکی دوای شۆڕش، شەڕەکات. وتاری دواییەن پێشانگای شبر، بەڵگەیە لەسەر بانگەشەکانی ئەم پێشانگایە"

فەرەیدوون کەریم لە ناو نووسینەکەی خۆیدا دەقی پێشەکی وتارەکەی سیروان ڕەئووف (سیرە شبر) دەنوسێتەوە، ئەوەی کە بۆ دوا پێشانگاکەی خۆی نووسیبووی:

(گەڕان بەنێو دۆزەخە ساردەکاندا) و لە هۆڵی مووزەی سلێمانی لە ١٩٩٨/٥/٢١ کرایەوە. سیرەی شبر دەڵێ:

خۆشەویستان... ئەم وێنانەی کە لەم پێشانگەیەدا دەیبینن، شتێکی سەیروسەمەرە نییە و یەکەم جار نییە ئەم دیمەنانە ببینن، بەڵکوو ڕۆژانە ئەم دیمەنانە بەبەرچاوتاندا بێ ئەوەی هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەن و پرسیاریش ئاراستەی خۆتان بکەن، تێدەپەڕێ، من لەم پێشانگەیەدا بەبێدەنگی دەتخەمە ئەو ئاستەی بوەستیت و لە وێنەکان ڕابمێنیت. من تێناگەم کەی ئەم مرۆڤانەی هەڵدراونەتە پەراوێزی ژیانەوە، دەبێتە هەوێنی (نووسینەکانتان، شیعرەکانتان، نمایشەکانتان؟) ئەگەر ئێوە نەبن بەرپرسیارە لە بەرانبەر ئەم جۆرە پاڵەوانانەدا؟ لێرەوە من دەمەوێ پێتان بڵێم (من هونەرمەند نیم) .

پازدە ڕۆژ پاش تەواوبوونی پێشانگاکە، واتە لە ئێوارەی بیستی مانگی ئایاری هەمان ساڵ دانیشتنێکی ڕەخنەیی بۆ ئەم پێشانگایە لە قاوەخانەی قۆریبە شکاوەکە لە سلێمانی ڕێکخرا و هونەرمەند (هەڵگورد بارام) پانێڵەکەی بەڕێوە برد و تێیدا ژمارەیەک لە هونەرمەندە شێوەکارەکانی تێدا بەشداربوون، لەو پانێڵەدا هونەرمەند فەرەیدوون کەریم خۆی باسی لە کارەکتەری شبر و کاتی نەوەدەکان کرد، ئەمەیش هەلێک بوو بۆ من بۆ وەرگرتنی هەندێ زانیاری دەربارەی (شبر) و کاتەکەی و دروستکردنی وێنایەک بۆ کارەکتەری (شبر) وەک مرۆڤ و وەک هونەرمەند. فەرەیدوون کەریم گوتی: (شبر) ئەو ناوەی (سیروان ڕەئووف) بوو کە لە ناو خەڵک و برادەرانی خۆی بانگی پێ دەکرا، وشەی (شبر) مانای عەرەبی و عیبریشی هەیە. دەربارەی کارەکتەر و هەڵسوکەوتیشی گوتی: شبر وەک کەسانی ئاسایی نەبووە، مرۆڤێکی چالاک بوو، لەناو خەڵک دەژیا، هەرچەندە جاروبار جنێویشی داوە، بەم جۆرە ئەو هەمیشە لە هەستی خەڵکەوە نزیک بووە، کارەکانیشی بەشێک بوون لە دەربڕینی ئەو هەستانە. لەسەر کورد هاتووەتە وەاڵم، شەریشی لەسەر کردووە، ماوەیەکیش پێشمەرگەبووە، فەرەیدوون کەریم ئەوە دووپات دەکاتەوە کە سیروان ڕەئووف (شبر) کورێکی ئەکتیڤیست بوو، کۆمەڵێک بیروباوەڕی تایبەتی خۆی هەبوو دەیویست گوزارشتیان لێ بکات، هونەرمەندێکی ڕەسمی نەبوو (ئەکادیمی نەبوو)، بەڵکوو خۆڕسک بوو، بەاڵم ڕەسم و وێنەی فۆتۆگرافیشی گرتبوو، سەرەڕای ئەوە شبر دەیگوت حەزیشم دەکرد ڕەسمم بزانیایە، ڕۆشنبیر بوومایە. فەرەیدوون کەریم وا وەسفی شبر دەکات کە پێیەکی لەناو هونەر بووە و پێیەکەی دیکەی لەناو واقیع، ئیشی بە کۆمەڵی کردووە، زۆر لەکارەکانی لەسەر کاغەزی سپی A4 بووە، هەر لەسەر ئەو کاغەزانەش نووسیویەتی، پاشانیش

خۆی کۆپیی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، شبر خۆی شت و ئەملاکی شەخسی نەبووە، ساڵی ١٩٩٨ وەزارەتی ڕۆشنبیری پشتگیری لێ کردووە، بەڵام ئەو شوێنانەی کە شبر پێشانگای تێدا کردووەتەوە جگە لە قوتابخانەی سوورکێو لە سلێمانی هیچ کەس لەوەپێش پێشانگای تێدا نەکردووەتەوە، کارە ئەسڵییەکانی وەک ڕەسم و کارە فۆتۆگرافییەکانی زۆربەیان فەوتاون، بەڕای ئەو، شبر کێشەی هونەری نەبووە، پرسیاری لەناو هونەر نەبووە، بۆ ئەو گرینگتر بووە وەک ئینسانێکی چالاک لەناو واقیع کاربکات، لەناو کۆمەڵگا بژێت، وەک ئەوەی تەنیا هونەرمەند بێ و لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە دووربێ. شبر لە کارەکانیدا هەندێ مەتریاڵی بەکارهێناوە کە ئەوکات وەک مەتریاڵی هونەری تەماشا نەدەکرا وەک قەرەوێڵە و پارچەی تەوالێت، هەر بۆیشە بەڕای من فەرەیدوون کەریم بەشی سەرەوەی تەوالێتی لەم پێشانگایە بەکارهێناوە وەک ئاماژەیەک بۆ مەتریاڵەکانی شبر. فەرەیدوون کەریم لە پانێلەکەدا گوتی: من شتی خۆم نەهێناوەتە ناو پێشانگاکەوە، هەرچەندە ئەمە بۆ من مایەی پرسیارە.

مەبەستی فەرەیدوون کەریم لە نەوەدەکان ئەو کاتانەیە کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٠ دەگرێتەوە تا ساڵی مردنی شبر ١٩٩٩. وا دیارە بۆ ئەو نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوو کاتێکی گرینگە بۆ مێژووی هونەری شێوەکاری و ڕۆشنبیری شاری سلێمانی و باشووری کوردستان بە گشتی، لەوەی کە هەندێ ڕاستی دەربارەی ئەو کاتە ڕوون دەکاتەوە کە شبر تێیدا ژیانێکی چالاکی بەسەربردووە. ئەو (لە پانێلەکەدا) باس لە نەوەدەکان دەکات وەک کاتێک کە کارەسات و ڕووداوی گەورەی تێدا ڕووی دابێ. بۆ فەرەیدوون کەریم نەوەدەکان

بەتایبەت (١٩٩٠بۆ ١٩٩١) ئەو کاتانە بوو کە کورد هەستی بە ئازادی کرد وەک خەونێ بۆ ڕزگاری. ئەو پێی وایە ساڵی ١٩٩٠ بۆ ١٩٩١ ساڵێ بوو پڕ لە جۆشوخرۆش و حەماسەت. هونەرمەند دەڵێ لەو کاتەدا (شۆڕشگێڕەکانمان) گەڕانەوە ناو شار، کۆدەنگییەک پەیدا بووبوو کە دەبێ (شۆڕشگێڕەکانمان) خۆش بوێت، ئەوان خەباتیان کردووە، شەهیدیان داوە، ئەوجا شێوازێکی دیکە لە مەعریفە دروست بوو، ئەو لێرەدا بەتایبەتی باس لە ڕەوشی شاری سلێمانی دەکات و دەڵێت ئەو کاتە هونەری ئێمە تەواو خودگەرایی بوو، هونەرێکی نوێ پێگەیی، وێستگەی نوێ لە هونەر دروست بووبوو کە واقیعی تر بوو، دەیانویست واقیعێکی تر دروست بکەن، هونەرمەندی کورد ئەو کاتە باسی لە مێژووی هونەری نوێ دەکرد کە هەژاران بتوانن بەشداری تێدا بکەن، باس لە نوخبە دەکرا، بەڵام پاشان (شۆڕشگێڕەکان) بوونە خاوەن دەستەڵات، ڕەوشێکی ناهەموار درست بوو، شار بە دوو شەڕی ناوخۆدا تێپەڕی، ئەوجا پرسیاری کارەکتەری هونەرمەند و هونەری زاتی (خودگەرایی) هاتە گۆڕێ و گوتی: ئەگەر لە حاڵەتێکدا فەزایەکی وا بۆ دروستبوونی ئەو جۆرە هونەرە هەبووبێ؟ بەم جۆرە ئەم پێشانگایە هەندێ پرسیاری گرینگی

لە بواری میژووی هونەری شێوەکاری هاوچەرخ لە کوردستانی باشوور وروژاند، کە ئێستا بە چەپی لە ناو هونەرمەندە شێوەکارەکاندا باسی لێوە دەکرێ و بووە بە بابەتێکی گرینگ لە دانوستانەکانیاندا، بەتایبەت لای ئەوانەی کە کاری هونەری هاوچەرخ بە هۆشیارییەوە دەکەن. هەندێ لەو هونەرمەندانەی کە بەشداری پانێلەکە بوون پا و بۆچوونی خۆیان دەربڕی، لەوانە هونەرمەند ئاڤان سدیق کە باسی لە گۆڕانی مەتریاڵ دەکرد لەم پێشانگایەی فەرەیدوون کەریم. هونەرمەند ڕۆستەم عەزیز پرسیاری لەسەر فەرەیدوون کەریم هەبوو وەک ڕیکخەر، یان وەک هونەرمەند؟ هونەرمەند ڕێبین مەجید ڕای وابوو کە فەرەیدوون کەریم هەم ڕێکخەری پێشانگاکەیە و هەم هونەرمەندیشە. هونەرمەند زامۆتا داراغا لەسەر ڕۆشنایی وەسفەکەی فەرەیدوون کەریم پێی وابوو کە گومان لە هونەرمەندبوونی (شبر) نییە، هونەرمەند زانا ئەحمەدیش پێی وابوو کە ئەو کارانەی شبر هونەرن. بۆ ئەوەی نووسینەکەم زانستی بێ بە پێویستی دەزانم هەندێ چەمک و زاراوەی ئەکادیمی بەکاربێنم کە لە ئەنجامی میژووی هونەری ئەوروپایی، یان (هونەری خۆرئاوا) بە گشتی پەیدابوون، بێ ئەوەی من ئەم چەمک و زاراوانە دەقاودەق بەسەر ئەم پێشانگایەدا بسەپێنم، چونکە من ئاگاداری ئەوەم کە ئەم پێشانگایەی فەرەیدوون کەریم لە جێگایەکی دیکەدا، واتە لە دەرەوەی کولتووری خۆرئاوا ڕێکخراوە و نیشان دراوە، بەڵام دوور نییە لە شێوە و ڕوح و ئەخلاقی (دادا)وە کە لە ئەوروپا و ئەمریکا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستی ڕابوردوو پەیدابوو، هەروەها لە شێوەی ئەو هونەرانەی کە لە پاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە وەکوو (دادا)ی نوێ New Dada دروستبوون، لەوانە هونەری فەقیر، ئارتا پوڤێرا Arte Povera کە لە شەستەکان لە ئیتاڵیا و هونەری ڕیالیزمی نوێ، نوڤوو ڕیالیزم Nouveau Réalisme لە سەرەتای شەستەکان لە فەڕەنسا پەیدابوو. ئەم پێشانگایەی فەرەیدوون کەریم تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە و مۆرکی ئەو جێگایە و ئەو کولتوورەی پێوە دیارە کە تێیدا نیشان دراوە وەک بەکارهێنانی توێکڵە تۆ گوڵە بەڕۆژە و نیشاندانی وێنەی بلدۆزەرەکە کە پەردە لەسەر هەندێ حاڵەتی ئەخلاقی و سیاسی تایبەت بە نەوەدەکانی کوردستان هەڵدەماڵێ. لە مۆرکە تایبەتەکانی دیکەی ئەم پێشانگایە نووسینەکانی سەر وێنەکانە کە بە کوردی نووسراون، هەروەها ناوی چەند نووسەر و هونەرمەند و شاعیرێکی کوردە بە زمانی کوردی و بەکارهێنانی هەندێ لە نووسین و شیعرەکانیان، دیسانەوە بە زمانی کوردی، ئەمانە جگە لەو بابەتانەی وێنەکان نیشانیان داوە کە دیسانەوە بابەتی کوردەوارین. فەرەیدوون کەریم لە ناو ئیترینەکە هەندێ هێڵکاری و دوکیۆمێنتی دیکەی لە شێوەی دانانی شتە بەنرخەکانی ناو موزەکان دانابوو کە دیسانەوە مۆرکی کولتووری کوردی تێدا دەبینران و ئەو هەستەشی بە بینەر دەگەیاند کە ئەم نووسین و دوکیۆمێنتانەی شبر وەک کارە هونەرییە کۆنەکان بەنرخن و شایەنی ئەوەن بخرێنە ناو موزەکانەوە، بەڵام شێوەی کارە هونەرییەکان و مەتریاڵە بەکارهێنراوەکانی پێشانگاکە شێوەی ئەو جۆرە هونەرە نوییانەی بەبیر دەهێنایەوە کە پاش دووەمین جەنگی جیهانی دروستبوون، بەتایبەت ئەوانەی کە لە سەرەوە ناوم بردن.

وەک چۆن ڕوحی کارکردنی ڕیالیزم و ئەمپرسیۆنیزم و کوبیزم و فوئیزم و ئەودای ڕێباز

و جۆرە کارکردنە ئەوروپاییەکان دوای کاتەکانی خۆیان لە وڵاتە پۆژهەڵاتییە ئیسلامییەکان بەدەرکەوتن، بەم جۆرەش پوحی دادای نوێ لای سیرەی شبر لە نەوەدەکان دەرکەوتووە، ئەمە چ وەک کاری هونەری و چ وەک پەفتار و ئەخلاقی پۆژانەی کە هونەرمەند فەرەیدوون کەریم بە مەتریالّی فرێدراو و لە شێوەی هونەری دادای نوێ لەم پێشانگا کۆنسیپچوالّەی خۆی نیشانی داوە. ئەگەر بێینە سەر ئەو داواکارییانەی کە هونەرمەندانی سەر بە پوح و ئەخلاقی دادا لە پاش دووەمین جەنگی جیهانی داوای دەکەن، ئەمە کارەکانی شبر و فەرەیدوون کەریمیش دەگرێتەوە، لەوەی کە دەیانویست سنوور لە نێوان هونەر و ژیانی پۆژانە نەهێڵن، هونەر بهێننە ناو ژیانەوە و ژیانیش بهێننە ناو هونەرەوە وەک بەردەوامی بۆ ئەو خەونەی کە هونەرمەندە دادادییەکان لەسەرەتای دروستبوونی داداوە لە ساڵی ١٩١٦ لە زیورخ بانگهێشتیان بۆ دەکرد، لەوەی کە (هونەر ژیانە و ژیانیش هونەرە). بە بۆچوونی من و لەبەر پووناکی ئەو وەسفانەی کە فەرەیدوون کەریم بۆ (شبر)ی کردووە، شبر سنووری لە نێوان ژیان و هونەر نەهێشتووە و هەردوو پێی لە ناو ژیان و هەردوو پێیشی لە ناو هونەر بووە.

ئەم جۆرە هونەرانە کە لە سەرەوە ناومان بردن وەک (ئارتە پۆڤێرە و ڕیالیزمی نوێ) بەوە دەناسرێنەوە کە هونەرمەندەکان مەتریالّی سادە و ئاسانیان بۆ کارەکانیان بەکارهێناوە، شێوەی کارەکانیان قەبە و زەبەلاح نەبوون، قونکە جگەرەیش کە فەرەیدوون کەریم لەم پێشانگایەدا بەکاری هێناوە یەکێک بووە لەو مەتریالّانەی کە لە هونەری دادا لە سەرەتای سەدەی ڕابوردوو بەکارهاتووە، بەتایبەت لای هونەرمەندی دادایی ئەڵمانی کورت شقتەرس Kurt Schwitters. شقتەرس لە ساڵی ١٩١٩

قونکە جگەرە و پاکەتی جگەرەی بەتاڵی فرێدراوی وەک مەتریالّی دۆزراوە بۆ کارە مێرتسەکانی merz بەکارهێناوە بۆ ئەوەی دووبارە نرخ بۆ ئەو مەتریالّانە بگەڕێنێتەوە و بیانهێنێتەوە بۆ ناو ژیان.(١) فەرەیدوون کەریم لەم پێشانگایەیدا بەهەمان مانا ئەو مەتریالّانەی بەکارنەهێناوە کە هونەری دادا لە کاتی خۆیدا بەکاری هێناوە، بەڵکوو ئەو وەک زەروورەتی کارە هونەرییەکە بەکاری هێناون کە بە هۆیانەوە بتوانێ وێنەیەک بۆ ژیانی (شبر) نیشان بدا، بۆ نموونە قونکە جگەرە یەکێکە لە و مەتریالّانە کە لای ئێمە پۆژانە لەسەر جادەکان دەبینرێ و فەرەیدوون کەریم لە پێشانگاکەیدا وەک مەتریالّی هونەری بەکاری هێناوە جیایە لە مانای ئەو قونکە جگەرەیە کە کورت شقتەرس لە ساڵی ١٩١٩ بەکاری هێناوە، واتە فەرەیدوون کەریم لەم پێشانگایەیدا لە لایەکەوە توانیویەتی بە مەتریالّەکانی و شێوەی دانانیان پوح و ئەخلاقی دادا وەک پەفز و عەدەمیەت و دژی هونەری باو بە بینەر نیشان بدات، لەلایەکی دیکەوە بە هۆیانەوە بتوانێ گوزارشتێک لە ژیانی شبر بکات کە خزمایەتی لەگەڵ پوح و ئەخلاقی دادا هەبووە، هەروەها وەک دەربڕینێک بۆ هەڵویستی فەرەیدوون کەریم خۆیشی بەرانبەر پوحی کاتەکەی خۆی

(کاتی پێشانگاکە) وەک درێژکراوە بۆ ڕوحی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو.

لە مەتریاڵە بەکارهێنراوەکان و جۆری دانانیاندا وام بۆ دەردەکەوێ کە فەرەیدوون کەریم لەم پێشانگایەدا مەبەستی گۆڕین، یان یاریکردن بە شێوە، یان بە چەمک و زاراوە هونەرییەکان نەبووە، بە ئەندازەی ئەوەی ویستبێتی پێشانگایەک ڕێک بخات تێیدا جۆرە شێوە و مەتریاڵێک بەکار بهێنێ لە نێوانییەوە بتوانێ ناوەرۆکی کارە هونەرییەکەی بپێکێت کە ژیان و کارەکتەری (شبر)ـە، وەک بابەتێک بۆ توێژینەوە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو لە شاری سلێمانی و لە کوردستانی باشوور بە گشتی، بۆیە من لەو بڕوایەدا نیم کە فەرەیدوون کەریم لە بەکارهێنانی ئەم مەتریاڵە فرێدراوانەدا مەبەستی گوزارشت بێ لە ژینگە، ئەمەیش بەڕەو ئەو بیرکردنەوەیەمان دەبات کە قونکە جگەرە و تۆپکڵە تۆو گوڵەبەڕۆژە و پاکەتە جگەرەی بەتاڵ و ئەو دوای ئەو مەتریاڵە فرێدراوانەی ئەم پێشانگایە بە مانای زبڵ و زار(خاشاک) بەکارنەهێنراوە، وەک لای هەندێک هونەرمەندانی خۆرئاوای پاش دووەمین جەنگی جیهانی بەکارهێنرابوو، بۆیە لەم نووسینەمدا هەوڵ دەدەم ئەو تیوریانە بەکارنەهێنم کە دەربارەی زبڵ و زار(خاشاک) وەک مەتریاڵ لە هونەری شێوەکاری هاوچەرخدا نووسراون، بەم جۆرە من وای بۆ دەچم لەم پێشانگایەی (فەرەیدوون کەریم)دا نە قونکە جگەرە و نە تویکڵی تۆ و گوڵەبەڕۆژە و نە پاکەتی بەتاڵی فرێدراو بە مانای خاشاک بەکارهێنرابێ، بەڵکوو ئەمانە مەتریاڵی زەرووری کارە هونەرییەکەن، مەتریاڵن بۆ گوزارشتکردن. (شبر)یش لێرە ئەو فیگۆرەیە، ئەو کارەکتەرەیە کە فەرەیدوون کەریم بە هۆشیارییەوە بۆ ئەو گوزارشتە هەڵیبژاردووە، بەم جۆرە ئەم پێشانگایەیش دەبێتە هۆی دروستکردنی تیشکێک بۆ سەر ژیانی (شبر). ئەمە پێشانگایەکە لە ناو پێشانگایەک، پێشانگایەک بۆ کار و دنیای (شبر) ـە لەناو پێشانگایەکی کۆنسێپچوالّی هونەرمەند فەرەیدوون کەریم خۆی، بەواتایەکی دیکە ئەمە دوو پێشانگای کۆنسیپچوالّە لە ناو یەکدا، یەکێکیان پێشکەشکردنی (شبر) و دنیاکەیەتی وەک هونەرمەندێکی کۆنسێپچوالّ؟ یان هاوچەرخ؟ ئەمانەش بەرەو ئەو بیرکردنەوەیەمان دەبات کە لەوانەیە (شبر) یەکەمین هونەرمەندی شێوەکاری کوردبێ کە هونەری کۆنسێپچوالّی کردبێ، ئەوجا ئەگەر شبر خۆی بە هۆشیارییەوە ئەوەی مەبەست بووبێت، یان نەء، ئەمە پرسیارێکی دیکەیە و بۆ دانوستاندن و توێژینەوە دەشێت، بەڵام ئەوەمان لە بیر نەچێ کە کاری هونەری شێوەکاری چەند پێوەندی لەگەڵ هۆشیاری هونەرمەندەکەوە هەیە، ئەوەندەیش پێوەندی لەگەڵ حاڵەتە نائاگاییەکانی هونەرمەندەکەیشەوە هەیە، واتە بە بۆچوونی من و لە ژێر ئەو وەسفەی کە فەرەیدوون کەریم بۆ (شبر)ی کردووە، کاتێ کە (شبر) ئەو کارانەی کردووە تەنیا ویستوویەتی چەند حاڵەتێکی ڕاستگۆیی خۆی بە وێنە و مەتریاڵ دەربڕێ بێ ئەوەی ناویان لێ بنێ، بێ ئەوەی پێناسەیان بۆ بکات و قاڵبێکی ئەکادیمییان بداتێ، ئەو (شبر) وەک فەرەیدوون کەریم ڕوونی کردووەتەوە باس لە (خۆشەویستی، ویژدان، حەقیقەت)(٢) دەکات و دەڵێ: (...وای لێ کردووم خۆم بە بەرپرسیاری ئەم مرۆڤانە بزانم و ئازارەکانیان بخەمە ڕوو، ئەگەرچی ئازارەکانی خۆم هیچیان لەوانەی ئەمان کەمتر نین، بەڵام دڵنیاتان دەکەم، میللەتێ بیەوێ بگاتە ئازادی بەردەوام و بانگەشەی ئاشتی بکات، مەحاڵە دەستبەرداری بێت، گەر شەقامەکانی شار پڕبێت لەو مرۆڤانەی کە ژیان...شەڕ... برسیەتی... هەڵی داونەتە پەراوێزی ژیانەوە)(٣) ئیدی (شبر) وەک لە وەسفەکانی (فەرەیدوون

کەریم)ـەوە وێنـای کارەکتـەری دەکـەم لـە کاتـی کارکردنـدا بیـری لـە شـێوەی هونـەری و ڕێبـاز و یاسـای دیکـەی هونـەر نەکردووەتـەوە، بەمـەش بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان ناوەڕۆکـی ڕوح و ئەخلاقـی (دادا)، یـان دادایـی نوێـی پێـکاوە، ئـەو ڕوحـە نهیلسـتییەی کـە لـە سـەرەوە باسـم لێـوەی کـرد لـە پـاش دووەمیـن جەنگـی جیهانییـەوە چەنـدان جـۆر و شـێوەی نوێـی لـێ پەیدابـوو و پێشـانگاکەی فەرەیـدوون کەریمیـش یەکێکـە لـەو شـێوە هونـەرە نوێیانـە.

هونەرمەنـد هەڵگـورد بـارام لـە نووسـینێکیدا بـە ناوونیشـانی (سـیرە و فـەرە لەمـڕۆی هونـەردا) کـە لـە Facebook لـە پەیجـی (Sulyon) بـڵاوی کردووەتـەوە ڕای وایـە: سـیروان وێسـتوویەتی وەک هونەرمەنـد ئامـاژەی پـێ بکرێـت و لەگـەڵ ئـەو کۆمەڵەیەدا ناوی بێت کە سیفاتی هونەرمەندبوونیان دراوەتەپـاڵ، هـەر بۆیـە وێسـتوویەتی هونەرەکـەی لەسـەر شـەقام و شـوێنە کراوەکانـەوە بخزێنێتـە نـاو گەلەرییەکانـەوە لـە پێنـاو بەفەرمیکردنـی هونەرەکـەی و دڵنیاکردنـەوەی خـۆی و دەورووبـەری لـەوەی ئەمیـش هونـەر دەکات.(٤) هەڵگـورد بـارام هـەر لـەو نووسـینەیدا بـاس لـە ڕەهەندێکـی قووڵتـر دەکات و دەڵـێ: ئەوەنـدەی تێدەگـەم هیـچ ئاسـەوارێ بەسـەر ڕەهەندە تیوروییەکەی سـیروانەوە دیـار نییـە شـتێک بدرکێنیـن دەربـارەی چییەتـی و چۆنیەتـی هونەرەکـەی خـۆی و گرفتەکانـی لەگـەڵ هونەرەکانـی پێـش خـۆی.(٥)

لەبـەر ڕووناکایـی ئـەم بۆچوونـەی هەڵگـورد بارام مـن ڕام وایـە ئەمـە چاوەڕوانییەکـی گەورەیـە لـە هونەرمەندێـک وەک سـیروان ڕەئـووف کـە بەپێـی وەسـفەکەی فەرەیـدوون کەریـم (هونەرمەندێکـی خۆرسـک بـووە)، بـەڵام لەهەمـان کاتـدا نەبوونـی کاری تیـوری بـە گشـتی کـە بتوانـێ ئیـش لەسـەر کارەکانـی سـیروان ڕەئـووف و کاتەکـەی بـکات، ئەمـە یەکێـک بـووە لـە بەتاڵییەکانـی ئـەو کاتـەی کـە (سـیروان ڕەئـووف)ی تێـدا ژیـاوە. سـیرەی شـبر لـە گوتارەکەیـدا بـاس لـە وێنـە و لـە پێشـانگاکەی خـۆی دەکات و لـە هەمـان کاتیشـدا دەڵـێ (مـن هونەرمەنـد نیـم). ئـەو وەک لـە گوتارەکەیـدا هەسـتی پـێ دەکـرێ ئینسـانبوونی خـۆی هێنـدە لا گرینـگ بـووە تـا ئـەو ڕادەی لـە پێـش هونەرمەندبوونییـەوە داینـاوە، ئینسـانبوونی هێناوەتـە ئاسـتی خەڵکـی سـادەوە، دوور لـە هەمـوو خودپەرسـتی و غـرووز و نارسیسـیتێک تـا ڕادەی موبالەغـە، لـەوەی کـە هونەرمەندبوونـی خـۆی خسـتووەتە لاوە. لێـرەدا دەکـرێ لـە قسـەکانی فەرەیـدوون کەریـم بگەیـن کـە سـیرە شـبر (پایەکـی لەنـاو هونەربـووە و پایەکـی لەنـاو خەڵـک)، هەروەهـا لەوێـش بگەیـن کـە بـۆ فەرەیـدوون کەریـم لـە لایەکـەوە پێشـانگایەکی بـۆ کارە هونەرییەکانـی (سـیرە شـبر) ڕێکخسـتووە و لـە لایەکـی دیکـەوە دەڵـێ پرسـیاری سـیرەی شـبر لـە نـاو هونـەر نەبـووە، بـەم شـێوەیە دەیشـتوانین لـە ڕای زامـوا داراغایـش بگەیـن کـە لـە پانێڵەکـەدا دەڵـێ: گومانـم لـە هونەرمەندبوونـی سـیرەی شـبر نییـە.

هەڵگـورد بـارام درێـژە بـە نووسـینەکەی دەدا و پێـی وایـە: ئـەم پێشـانگایە یەکێکـە لـە سـەرکەوتووترین پێشـانگاکانی ئـەم دواییانـە، نـا لەبـەر ئـەوەی لـە ڕووی نیشـاندان و ئەزموونـی بینینـەوە بەهێـزە، بەڵکـوو لەبـەر ئـەوەی ناچـار بـە یەکلاییکرنـەوەی ئـەو پرسـە مێژوویییەمـان دەکات لەلایـەک، لەلایەکـی تـرەوە بارگاوییـە بـە هەندێـک پرسـیاری هونەرییانـەی زۆر هەسـتیارتر، بەجۆرێـک بـۆ وەڵامدانەوەیـان توژینـەوەی وردمـان لـێ دەخوازێـت، هەروەهـا دەپرسـێت: ئێسـتا بـۆ مـن دوو لـەو پرسـیارانە دێنیـن کـە پێویسـتە کەمێـک لەسـەریان بوەسـتین. یەکـەم:

ئایا هەوڵەکانی سیروان بۆ هونەر، یان باشتر بڵێم ، بۆ هونەری هاوچەرخ هەژماردکراون و دەکرێن؟ دووەم: ئەگەر شبر لەکاتی خۆیدا وەک هونەرمەندی هاوچەرخ ناسرابێت، بۆچی ئێستا دووپاتکردنەوەی بۆ فەرەیدوون گرینگە؟.(٦)

من لای خۆمەوە وەک وەڵام بۆ پرسیاری یەکەمی هەڵگورد بارام کە لە دووبەش پێکهاتووە بۆ بەشی یەکەمی دەتوانم بڵێم ئەمە کارێکی ئاسان نەبووە، چ بۆ سیروان پەئووف خۆی و چ بۆ عەقڵی هونەری ئەو کاتەی کە (سیروان پەئووف)ی تێدا ژیاوە بتوانێ کاری زانستی لەو ئیشانەی سیروان پەئووف بکات و وەک هونەری هاوچەرخ یان، نا هاوچەرخ بیاننناسێنێ، بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەیشی کە دەپرسێ: ئایا دەکرێ؟ من دەڵێم بەڵێ، دەکرێ، بەڵام لەو حاڵەتەی ئەگەر لە کوردستان ئینستوتێک، یان دەزگایەکی خوێندنی تیوری هونەری شێوەکاری دامەزرێنرێ، بە میتودیکی ئەکادیمی کار بۆ توێژینەوە لەسەر مێژوو و ئێستای هونەرمەندەکان و کارەکانیان بکات. وەڵامم بۆ دوەمین پرسیاری (هەڵگورد بارام)یش ئەوەیە کە من لای خۆمەوە ئەم پێشانگایەم وەک دووپاتکردنەوە نەبینی، بەڵکوو وەک نوێکردنەوە و بەردەوامبوون چ بۆ کارەکانی سیرەی شبر و چ بۆ هونەرمەندبوونی فەرەیدوون کەریم خۆی، هەر بۆیە ئەو وروژاندنی پرسیار و دروستکردنی دانوستاندنی زانستی دەربارەی (شبر) و کاتەکەی و هاوچەرخبوون، یان ناهاوچەرخبوونی هونەرەکەی کردووەتە یەکێک لە مەبەستەکانی پێشانگاکە کە بۆ بینینی من وای دەرخست فەرەیدوون کەریم لای گرینگە بتوانێ کاتی نەوەدەکان و کارەکانی سیرە شبر بکات بە مێژوویەک بۆ ئێستا و لایەن و ڕەهەندی نوێشی تێدا بدۆزێتەوە. بەدەر لە وەڵامەکانم بۆ پرسیارەکانی هونەرمەند هەڵگورد بارام من لەم نووسینەمدا (بە پێی بینینم بۆ پێشانگاکەی فەرەیدوون کەریم و وەسفەکانی ئەو بۆ سیروان پەئووف) توانیم ڕوح و ئەخلاقی (دادا) و دادایی نوێ لەم پێشانگایەدا ببینم کە فەرەیدوون کەریم لە سەدەی بیست و یەک دیسانەوە پەردەی لەسەر هەڵمالێوە و بە شێوەیەکی نوێ و تایبەت نیشانی داوە، ئەوەیشی کە من دیسانەوە لەم پێشانگایەدا بینیم ئەو نیشاندانە نوێیە بوو بۆ شێوەی ژیانی (شبر) و کاتەکەی، ئەمەیش زیاتر لەو شێوە ئینستلەیشنانە و جۆری بەکارهێنانی مەتریاڵەکان و پێوندییەکانیان و مامەڵەکردنی فەرەیدوون کەریمدا بوو لەگەڵ شوێن و ڕاومی پێشانگاکەدا. هەندێ لە ناوەرۆکی پێشانگاکە وەک مەتریاڵەکان نیشانی داوە لایەنی ڕەفز و یاخیبوونەکانی شبر و فەرەیدوون کەریم خۆی نیشان دەدەن، ڕەفزکردنی شبر و فەرەیدوون کەریم پێکەوە بۆ شێوە قەبە و زەبەللاحەکانی ژیان، ڕەفزی (شبر) و فەرەیدوون کەریم پێکەوە بۆ شێوەی لووس. ناڕەزایی شبر و (فەرەیدوون کەریم)ـە بۆ ڕوحی هەردوو کاتەکە، شبر بۆ دوای نەوەدەکان و پەشیمانی و نەهیلستییەکەی و (فەرەیدوون کەریم)یش بۆ ئەخلاقی قەبوواڵکردنی ئێستا و بێ دەنگییەکەی کە لە ئەنجامدا بووە هۆی درستبوونی شەڕانگێزی لە ناو ڕوحی شبردا و ئەم شەڕانگێزییەی دژ بەخۆی بەکارهێنا، ئەمەیش حاڵەتی شاعیری ئەڵمانی (کورت تۆخۆلسکی Kurt Tucholisky) مان دێنێتەوە یاد کە پێش خۆکوشتنەکەی لە ساڵی ١٩٣٥ بە ماوەیەکی کەم نوسیبووی: پێویستیمان بە وزەیەکی هۆشیار و ئیرادەیەکی بە هێز هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوە لە ڕوحی تەپیوی کاتەکە. بەم جۆرە لە نێوان (شبر)

ی مـرۆڤ و هونەرمەنـد و (فەرەیـدوون کریـم)ی مـرۆڤ و هونەرمەنـد خاڵـی هاوبـەش هـەن، بۆیـە فەرەیـدوون کەریـم کارەکتـەر و ژیانـی (شـبر)ی بۆ ناوەرۆکـی پێشـانگاکەی هەڵبـژاردووە، واتـە ئـەم پێشـانگایە وەک لەسـەرەوە ئامـاژەم بـۆی کـرد دەکـرێ وەک دەربڕینێـک بـۆ فەرەیـدوون کەریـم خۆیشـی ببینرێـت، ئـەو لـەم پێشـانگایەدا کۆپـی شـبری نەکردووەتەوە، بەڵکوو خۆی وەک شـبرێکی نـوێ دەربڕیـوە کـە ئـەم جـارە نایـەوێ خـۆی بکـوژی، بەڵکـوو بـەردەوام دەبـێ. لـە کۆتاییـدا بەبۆچوونـی مـن مەبەسـتی فەرەیـدوون کەریـم لـە ڕێکخسـتنی پێشـانگای (شـبر) تەنیـا ڕێکخسـتن و نیشـاندانی پێشـانگایەکی ئاسـایی نەبـووە، بەڵکـوو هەوڵدانێکیـش بـووە بـۆ ژیانـەوەی ڕوحـی نـەوەدەکان لـە سـلێمانی و ڕۆشـنایی خسـتووەتە سـەر ئەو کاتە وەک زەمەنێکی زیندوو و پڕ ڕووداو و ماناکانـی ژیـان بـە هـەردوو لایەنـە بنیادگـەر و ڕووخاوەکـەی، گەشـبینی و ڕەشـبینییەکەیەوە. بـەم شـێوەیە گرینگـی ئـەم پێشـانگایە تەنیـا لـە لایەنـە ئیسـتێتیکییەکەیدا نییە وەک پێشـانگایەکی هونـەری شـێوەکاری هاوچـەرخ کـە شـێوە و مەتریاڵـی نوێـی تێـدا بەکارهێنـراوە، بەڵکـوو وەک پێشـانگایەکی هونـەری شـێوەکاری کـە دەیـەوێ پرسـیار لـە ئێسـتا و مێـژووی هونـەری شـێوەکاری لـە کوردسـتان بوروژێنـێ و ببێتـە هانـدەر بـۆ بیرکردنەوەیەکـی نـوێ لـە هونـەر.

فەرەیـدوون کەریـم لـە کۆتایـی نووسـینەکەیدا سپاسـی ئـەم بەڕێزانـە دەکات بـۆ هاوکاریکردنیـان لـەم پێشـانگایە: هیـوا قـادر، حوسـێن جیهانـی، فـاروق هۆمـەر، کامـەران سـوبحان، سـەلام مسـتەفا، مەریـوان عەبدوڵـڵا، دارا ڕەئـووف، تاریـق تۆفیـق، ڕائیـد توانـا، ڕەوانشـاد دوکتۆر شـاخەوان، ڕێنوێـن / شـێرکۆ عەبـاس. سپۆنسـەر پارێـزگای سـلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتـی گشـتیی ڕۆشـنبیری و هونـەری سـلێمانی قاوەخانـەی کولتـووری فەرمانبـەران و هونەرمەنـد ئاڤـان سـدیق بـۆ ئـەوەی کاری ناسـاندنی پێشـانگاکەی لـە کاتـی کردنەوەکەیـدا کـردووە.

سەرچاوە سەرەکییەکان:

- نووسـینێکی فەرەیـدوون کەریـم کە وەک Statement بـۆ پێشـانگاکە بەکاریهێنـاوە و لەنـاو ڕاوم (فـەزای) پێشـانگاکە هەڵیواسـیوە.
- پانێڵێـک دەربـارەی پێشـانگاکە کـە لـە ٢٠١٩/٥/٢٠ لـە قاوەخانـەی قۆریەشـکاوەکە لـە سـلێمانی لەلایـەن هونەرمەنـد (هەڵگـورد بارام)ـەوە بەڕێوەچـوو.
- نووسـینێکی هەڵگـورد بـارام بەناوونیشـانی (سـیرە و فـەرە لەمـڕۆی هونـەردا) لـە پەیجـی Sulyon لـە Facebook بـڵاوی کردووەتـەوە.
- کتێبـی هونـەری شـێوەکاری مۆدێـرن لـە نووسـینی نووسـەری ئـەم دێڕانـە، دەزگای ئـاراس، هەولێـر، سـاڵی ٢٠٠٤.

پەراوێزەکان:

١- گارا: هونـەری شـێوەکاری مۆدیـرن، لاپـەڕە ١٢١-١٢٣.

٢- Statement نووسـینەکەی فەرەیـدوون کەریـم بـۆ پێشـانگاکە.

٣- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو.

٤- نووسینەکەی هەڵگورد بارام.

٥- هەمان سەرچاوە.

٦- سەرچاوەی پێشوو.